5

# دەربارەی کوتایی هاتنی
# ووتو ویژی یەکیتی نیشتمانی و
# میری ی نیشتمانی ی !!!


لە بلاوکراوەکانی

ریکخراوی خویندکارانی سوسیالیستی کورد
لە ئەوروپا
سوکسە
1985

نێوبراو بە ( یەکێتی نیشتمانی ی کوردستان) لە ڕۆژی ١٥/ ١/ ١٩٨٥ دا پاش ساڵێك و مانگێك لە خەلوەتی خەونی غەفلەت ، پاش چاوەڕوانی یەکی هێز هەڵچوڕین و ووزە کۆڕ ، بەیان نامەیەکی نێوەڕۆك دەڵب و عەوام خەلەتێنی بە نێوی ( بەیان نامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی کۆتایی هێنان بە ووتوو وێژ لەگەڵ حکومەتی عێراق دا ) لەوێزگەی ( دەنگی گەلی کوردستان) ەوە بڵاو- کردەوە . لایەنگرانی ئەو ( یەکێتی ) یە لە ئەوروپا ئەو بەیاننامەیەیان چاپ و بڵاوکردەوە .

ئێمەی هاوبیرانی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا ( سۆکسە ) بە پێویست و ئەرکی خۆمان زانی دەمەتەقێ یەکی هێمنانە لەگەڵ نووسەرانی ئەو بەیانە بکەین و ڕاو باری سەرنجی خۆمان تۆمار بکەین و هەندێ ڕا و هەڵوێستی دژ بەیەکیان لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەیانەو

کەلەك را و هەڵوێستی دیکەیاندا بخەینە پێش چاو و وێژدانی ڕۆڵە مەردە بەشەرەفەکانی نەتەوەکەمان و کەمێك لە درۆ و قۆڵ بڕی ی ئەو تاقمە گومان لێ کراوە هوشیاریان کەینەوە .
دیارە لێرەدا تەنها لەسەر نیوەڕۆکی ئەو بەیانە دەدوێین وچ دەخلێکمان بەسەر هەڵەو پەڵەی زمانەوانی و کەلێن و بێ تام و چێژی و رادە نزمی زمانی بەیان نامەیەکەوە نی یە کە نووسەرانی بە مێژیکی هەڵاوساوەوە خۆیان بە سەرکردەی شۆڕشی کورد !! لەقەڵەم دەدەن .
بە پێچەوانەی هەموو داب و نەریتێکی جیهانی سیاسەت و هەموو هەڵوێستێکی سیاسی یانەی وەبەر گیراوی جیهانەوە ، سیاسەتمەدارانی تەقلیدی ی تەقلەبازی کورد تا پاشوویان داچێت و تا زیتر هەڵنووتن و باری دەردناکی میللەتە بێ دەرەتانەکە خراپتر دالەنگێنن ، زیتر و زیتر چواریەل لەسەر کۆڵەی نەتەوەکە توند دەکەن و هەموو جارێکیش میللەتەکە

کۆڵێ قەرزار بار دەکەنەوە و وا دەدەنە قەڵەم گوایە
هەرچی یەکیان کردووە بۆ ئەو میللەتەیە و ئەوان پیرێکی
زونهاری ئەو میللەتەن و پێشەکیش هەموو سەرئەنجامێکیان
زانیوە و بەڵام لە بەر بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵك !!!!!
ناچار بوون ئەو هەنگاوە بنێن ، چونکە ئەوان لە
دڵسۆزێکی دەمراستی ئەو میللەتە زێتر نین . ئەوەتا
هەموو تاوانێکی هەڵخزانیان بە سەری کەساسی
ئەو نەتەوە سەرسەختەرا دەسوون . هەمیشەش
کۆمەڵێك دەرویشی عەقڵ لە جێ براویان لە بەر دەستدایە
کە لە ساتێکدا هەریەکێکیان بە صەد جۆر بایان پێ دەدەن و
هەڵیان دەقوونێن . ئا ئەم نەهامەتی یە یە کە نێزیکەی
چارەکە سەدەیەکە کۆمەڵە مێردەزمەیەك ، چەند دەلالێکی
عەیار ، چەند بازرگانێکی مایەپووچی ، هەڵخزاوی رووپەڕاوی
پۆزش نەماوی لە سەر شانۆی شەق و شڕی چەرخ و
بازاڕی سیاسەتی کوردیی قوت کردۆتەوە و هەر ڕۆژە

ئەو میللەتە بە قەلبەیەك دا دەدەن و بەرە و هەلدێرێك بەكێشی دەكەن . هەر جارەش بە پەرەیەكی زەرد و زەبوونی وەك ئەم بەیان نامەیەی ( یەكێتی ) كە لاوەی عەیبەیان تەیمان دەكەن .

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێرامانێكی پێویستە، ئەوەیە كە سەرانی ئەو (یەكێتی) یە وەك درم و دەرد مكۆیانێكی هەمیشە یان ئەو ئازایەتی یە ئەدەمی یە و ئە و دڵ ود مروونە دڵسۆزانەیەیان نی یە كە جوامێرانە بێ لە هەڵەی هەزار جارەی خۆیان بنێن و دان بە مایە پووچی و بێ بنچینەیی و چەوتیی سیاسەتی هەمیشە لە سەر تاكتیك ژیاوی خۆیاندا بنێن . ئەوەتا بە ڕستێك گوتە و تە فسیری دژ بەیەك و بێ سەر و بێ گەرەكیانە جەماوەرەكە قەرزاربارکەنەوە و جارێكی دیكە ش سوود لە سادەیی و دڵ پاكی یان وەرگرن .

عەوالنامەی كتێب

## گفتوگـــۆ بـــــۆ ؟؟؟

بەیان نامەکە لە داوێنی لاپەڕەی یەکەمیدا دەڵێت :

(( حکومەتی عیراق خۆی دەست پێشکەری کرد بـــۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ سـەرکردایەتی شـۆڕش . گوایـە ئامادەیە چارەسـەری کێشـەی نەتەوایەتی کورد بکـات لە عیراقدا ....))

هەمان کات لە سـەر ڕووپەڕەکانی ژمارە ٢ی کانونی دووهەمی ١٩٨٣ی ڕۆژنامەی ( الاتحاد )ی ئۆرگانی ئەو( یەکێتی ) یـە ئەمە دەخوێنینەوە : (( هەر لایەنێك بە پیر داخوازی و بەڵێنەکانی ڕژێمەوە بچێت و باوەڕی پێ بکات و سـەنگەری گەل و دژ بە ڕژێمی فاشـیسـتی بگۆڕێت و بچێتە هەمان سەنگەری ڕژێمەوە و بەرگری ی لێ بکات و بە شـداری ی حوکمی لەگەڵ بکات ، لە ژێر هەر پەردە و دروشـم و نێوێك دا و لە بەر هەر هۆیەك بێت ، ئەوا ئەو لایەنە لە نێو جەماوەردا ڕیسـوا دەبێت و خۆشـی بێت و ترشـی بێت زیان لە خەباتـــی

میللی دەدات)) .

هەروەها لیژنەی پێوەندی‌یە دەرەکی‌یەکانی هەمان یەکێتی لە ١٠/٨/١٩٨٣ دا لە نامەیەکدا بۆ گۆڤاری (الحریـــة) ئاوا دەنووسێت : (( یەکێتی نیشـــتمانی ی کوردســتان هاوکاری‌ی کردن و دەســت خســتنە نێو دەســتی رژێمی فاشــیزمی عیراق بە خیانەتێکی نیشــتمانی ی دەزانێــت و هەر هێزێك بیری لێ بکاتەوە لە بولری ســیاسی دا تێ دەچێت و شــوێنی خۆی لە نێو جەماوەردا دەدۆڕێنێــت. ئیدی ئەو هاوکاری‌یە لە ژێر هەر رووپۆش و چارشـێوێك دا بێت و لە هەر بۆچوونێکەوە دەبێت با ببێت )) .

دەی ســا شــیتەڵ کردن و بردنەوە ســەریەکی ئا ئـــەم ســیاســەتە چەرخ و فەلەکی‌یە مەگەر تەنها لای ســەرانی پێیســت چەور و ســـۆنە ئاســای ئەو ( یەکێتی ) یـــە چنگ بکەوێت و هەر خۆیان بتوانن درۆ بە درۆ ســـواغ بدەن . دەنا ئەمە دان پێدانانێکی زەق و روون و ئاشــکرای

هەڵتیزان و هەڵدێران و ریسوا بوون و مایە پووچی و خیانەتی نیشتمانی ی نەبێت ، دەبێت چی بێت ؟؟؟؟؟ ئەوەتا بەرادەیەك تیژ ڕەوون کە تەنها ( بیر لێ کردنەوە) شی بە خیانەت و خۆدۆڕاندن دەزانن . کەچی لە بە ختی کەچیان پاش چوارمانگ لەو فەرمایشتە، هەر خۆیان، نەك تەنها بە ( بیر لێ کردنەوە ) بەڵکە بە کردەوە، پێش بینی یەکانی خۆیان بە ئیسپات دەگەیەنن و ساڵێك و مانگێك لەو زەلکاوەدا مۆل دەخۆن .

دوای ئەوە دەمانەوێت بزانین سەرکردایەتی ی کام شۆڕش مەبەستە ؟؟ شۆڕشی چەواشە و لە خشتە بەردن؟ ئەو سەرکردایەتی یەی بێ شەرمانە و بێ پەروا خیانەتی لە خوێن و هیوا و ئاواتی صەدان هەڤاڵ و هاوڕێو لایەنگرانی بە دەستی ئەو رژێمە لە داردراوانە کرد ؟؟؟ ئەو سەرکردایەتی یەی خۆی لە هەموو هێزێکی تێکۆشەر و پێشکەوتنخوازی کورد و نێوچەکە دابڕی و ئامادە بوو

هەواڵنامەی کتێب

بازووی بداتە دەستی (بۆکاسۆ) ی عێراق و چل هەزار جل خوار بۆ جەنگە دۆڕاوەکەی قادسیەی کیسنجەر ڕاگرێت ؟؟ ئەم شاخ لێ ڕوان و سەر زل بوون و ختووکەی فیزە بۆ ؟؟؟ بە ڕاستی ئەستەمە مرۆ بەو شێوەیە بێ لە زەمینەی واقیع دابڕێ و دووی تراویلکە کەوێت و لە گێژاوی خەیاڵ و هەڵپەوپەلە پیرۆزێی نێو و شۆڕەت و بەرژەوەندیی تایبەتی یدا گەر بخوات و لە پێناویدا هەموو پێوەرێکی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانی یانە ژێر پێ بنێت !!!!

بەیان نامەکە وای بۆ دەچێت کە گوایە پەشیمان بوونەوەی ڕژێم لە بەیان نامەی ئازاری ۹۷۰ پاش ئەو شکستیە گەورەیەی ساڵی ۹۷۵ کە بەسەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا هات ، دیار و ئاشکرا بوو !

وا بێ دەچێت نووسەری ئەم بەیان نامەیە کە پاش بەیانی یازدەی ئازار و چەک کردنی هێزە "غەیرە نیزامی یەکەی"



هەواڵنامەی کتێب

ناچار بوو سەری خۆی هەڵگرێت و کوردستان و عێراق بە جێ بهێڵێت، ئیدی ئاگای لە ڕووداوەکانی ٩٧٠ - ٩٧٥ ی کوردستان بڕا بێت ، دەنا پەشیمان بوونەوەی دیار و ئاشکرای ڕژێم لە بەیانی ئازاری ٩٧٠ هەر پاش چەند مانگێک لە دەرکردنی بەیانەکە بەدەرکەوت، ئەو سیاسەتە شۆڤێنیستە بەرچاوتەنگەی ڕژێمی فاشیستی عێراق پاش بەیاننامەی ئازار بەرامبەر کورد وەبەری گرت ڕووداوانێک نین کە کەسانێکی شارەزا بە ئەلف و بێ ی سیاسەت و ئاگاداری بار و دۆخەکەی کوردستان لایان ئاشکرا و دیار نە بووبێت .سیاسەتی بە زۆر بە بەعس کردنی کورد و بە عارەب کردنی کوردستان، دەرکردنی هەزاران خێزانی کورد لە شارەکانی کەرکوک و خانەقین و سنجار و مەندەلی و دەور و بەریان ، چاندنی هەزاران خێزانی عارەبی خێڵەکی لە جێگەیان و پێدانی چەک و پارەی زۆر و بەردانیان لە گیانی کورد ، بەدەرنان و توڕدانی

هەواڵنامەی کتێب

صەدان هەزار کوردی فەیلی بە نێوی رەگەزی ئێرانی یەوە بۆ ئەودیوی سنوور ، ئەمە جگە لە صەدان پیلان بۆ لە نێو بردنی سەرانی شۆڕشی ئەوکاتە و رفاندن و کوشتن و سەرنگوم کردنی صەدان تێکۆشەر و خەباتکەری کورد پەروەر ، پەشیمان بوونەوەیەکی هێند زەق و ئاشکرا بوون مەگەر تەنها لای سەرانی سەرهەڵگرتووی ئەو ( یەکێتی ) یە عەیان نەبووبێت .

(( تا لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتن هەل و مەرجی گفتوگۆ هاتە پێشەوە ......))

دەبێت ئەو ئاڵوگۆڕە گەشە کردوو پەرەسەندووە چاکە پێشکەوتوانەی بەسەر عێراقدا هاتن و هەل و مەرجی گفتوگۆیان هێنایە پێش چ بن ؟؟؟

ئایا هیچ ترۆسکەیەکی دیموکراسی یانە و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە عێراقدا بە گشتی و لە کوردستاندا

بە تایبەتی لەو رژێمە بەدی دەکرێت ؟؟؟
ئەو هەل و مەرجانە چ بوون کە وایان لە سەرانی یەکێتی کرد ( بە پیر داخوازی و بەڵێنەکانی رژێمەوە ) بچن و باوەری پێ بکەن ؟؟؟ ئەو بنەما ئیجابی یانە چ بوون وایان لە یەکێتی کرد بە پێچەوانەی رای پێشوویانەوە هەڵس و کەوت بکەن و لە هەموو سنوورێکی شۆرشگێرانە و رەوشتی سیاسی یانەی تێپەرێنن و ( سەنگەری گەل و دژ بە رژێم ) بگۆرن ؟؟؟
چۆن بۆ هاتنە گۆرێ ی هەل و مەرجێکی دیموکراسی یانە کە دروشمی پێشگری ئۆتۆنۆمی یەکەی یەکێتی یە ، بەوە رازی بوون ( بیری لێ بکەنەوە ) لەگەڵ رژێمێکدا دابنیشن کە تا بنە گوێ ی لە خوێنی کورددا شەلاڵە ؟؟؟
رژێمی عێراق وەك لای سەرانی ئەو ( یەکێتی ) یەو هەموو ئاگادارێکی بار و دۆخی عێراق و نێوچەکە و جیهان ئاشکرایە، رژێمێکی رەگەزپەرستی خۆسەپێنی دیکتاتۆری

خوێن ڕێژە . ئەو تارا تەنگە پێشکەوتنخوازەی سالانێک
بە سەری دا درابوو، لە مێژە لەرووی داماڵدراوە و فسالی
فاشیستانەی کەوتۆتە ڕوو . لە سەر ئاستی عارەبی و
نێوچەکە هاوسەنگەری ڕژێمانێکی خۆفرۆش و بەکرێ گیراوی
وەکو سعوودیە و ئوردن و میسر و تورکیایە . لە بواری
جیهانیدا ڕاستەوخۆ بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و فەرەنسی و
وولاتانی سەرمایەدارییەوە وا بەستەیە . پێنج ساڵیکیشە
خۆی گیرۆدەی جەنگێکی بێ سەر ئەنجام کردووە کە خایە و
مایە و دار و بەردی عێراق و نێوچەکەی هەڵتەکاندووە . بە
جۆرێک لاواز و پشووسوار بووە کە کەوتنی لە ئان و ساتدایە،
بۆیە لەو دەمەدەمی سەرەنگرێ بوون و پەلە قاژێی تێپینەدا
هیچ بنچکێکی ڕووتەڵەی وەکو ڕیشی شا فەهد و عەبای
شا صەباح و داوێنی نا موبارەك و چەکمەکانی ئێڤرین و
فاقەی ئەمریکا و کلکی فلان! نەماوە پەلی لەرزۆکی بۆ
نەکوتێت . خۆ ئەو دۆزەخەی لە زیندان و قەسابخانە

گەورەکەی عیراقدا دای خستووە راستی یەکی وا نییە
دەمەتەقێ و بەرچاوخستنی پێویست بێت .
سا ئێدی ئەو ئاڵوگۆڕە ئیجابی یانە دەبێت چ بن وا
( یەکێتی ) دەیەوێت بە درێژە سیسەلەیەك بە پەناگۆی
جەماوەری ماف خوراو و زۆرلێ کراوی کوردیدا تێپەڕێنێت و
دەلاقەی عمیبە و خیانەتی خۆی بۆ پینە بکات .
(( لەگەڵ ئەوەی ( ی.ن.ك ) مەتەرسی و گومانی رەوا و
تەواوی خۆی هەبوو لە راستی بوونی نیازی حکومەتدا .
وە ئەوەیشی بە صراحت بە نوێنەرانی کاربەدەستانی
میری راگەیاند . هەمیشە وەڵامیان ئەوەبوو کە هەست
بە گیر و گرفتو کێشەی کورد ئەکەن و ئەیانەوێ بەراستی و
جدی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن ...)) .
ئێمە ناپرسین ، با لایەنگرە لەخشتەبراوە دڵپاکە
هەڵخەڵەتێنراوەکانی ئەو ( یەکێتی ) یە لە ( هەڤاڵ سکرتێری
گشتی ی !!) نووسەری ئەم بەیان نامەیە بپرسن :

ئاخۆ سنوور و کەوشەنی ئەو گومانە لە کوێ وە دەستی
پێ دەکرد و لە کوێدا کۆتایی دەهات ؟؟؟

ئایا ئەو ( مەترسی ) و ( گوومان ) ە بوو وای لە خودی
ئەو ( هەڤاڵ !! ) ە کرد کەلە هەموو سنوورێکی نەزاکەت و
ئینسانانەی تێپەڕێنێت و زۆر بێ شەرمانە ( صدام )
بکاتە ( حەکەم ) ؟؟؟

ئەوەتا لە چاوپێکەوتنەکەی پەیامنێری گۆڤاری ( الطليعة
العربية ) دا کە لەژمارە ٦٥ ی ٦ ی ئابی ١٩٨٤ دا
بلاوکرایەوە ، ئەو ( گوومان ) ە وا هەڵدەشێلێت :

( الطليعة ) : ئایا لە ماوەی گفتوگۆیانەدا سەرۆك
( صدام حسين ) ت دیت ؟

* بەڵێ ... دووجار چاوم بە سەرۆك صدام حسين
کەوت ... هەر لە سەرەتای گفتوگۆوە هەڵوێستمانی
بە چاکە هەڵسەنگاند . چاوپێکەوتنێکی بێ پەردە و
راستی پەرستانە بوو.

دیتمان بەڕێزی بارەکە چاك تێ دەگات و زۆر بەتەنگ پتەوکردنی برایەتی ی کورد وعارەبەوەیە . بە دیتنی

بـــــا وەڕی تــــــەوا و مـــــا ن هێنــــا

کە ڕێکەوتنەکە سەر دەگرێت . . . ، . . . . ئـــەو بە هۆشـێکی بەر بلاو و گەش بینانەوە دەڕوانێتــــــە پاشـــە ڕۆژ . ئێمەش وەکو ئەوە نە چوینەلای کە گوایـە لایەنێك بێت لە کێشەکە ، بەلکە وەکو داد وەریــك .

تـــــــــەوا و دلنیـــــــــا بـــوو یـن

کە بە بوونی بەڕێز سەرۆك صدام حسین دەگەینــــە سەر ئەنجامێك کە خزمەتی عێراق بکات . جگـــە لەوە

بـــــــــڕوای تـــــــــەوا و مـــا ن هێنــا

گەر بێت و لەم بار و دۆخە دا و لە کاتی بـــــــوونی سەرۆك صدام حسین دا ڕێك نەکەوین ، ئیدی لەگەل هیچ حکومەتیکی دیکــەی مەرکەزییدا ناگەینـــــــە سەر ئەنجام . جا لە ڕاستیدا ئەو بـــــارە

دڵنیایی وراستی پەرستانەیی

بەسەر چاوپێکەوتنەکانماندا باڵی کێشابوو ...

* تا ئێستا چوار ژمم گفتوگۆ کراوە ، من لە سیانیاندا بەشدار بووم . پێم وایە کێشەیەك لە ئارادا نەبێت کە چارەسەر نەکرێت ، مادامێکی متمانە لە نێواندایە !!!

( الطليعة ) : ئەمە یانی ڕێکەوتننامەکە بڵاودەکرێتەوە ، بەڵام کەی ؟

* بەڵێ ... ئێمە لە هەڵپەو پەلەی ڕێکەوتنەکە و بڵاو-کردنەوەیداین . زۆریش گەش بینم !

دەی ساوا کورد ئەو دەرگەی بەختەی سەرکلۆم کرا و کێشەی کورد لە سەردەم و بوونی ( سەرۆك صدام حسین!) داچارەسەرنەکرا و ئەو دەرووی رەحمەتە نەکرایەوە ، دیارە دەبێت ئەو میللەتە بەو ئاواتەوە سەر بنێتەوە !!!

چاوتان لە وهەموو ( گوومان ) و ( صـــــە را حە ت) میە ؟ بە راســـتی ئە ســـتەمە و بێ رووبی و چە قاوە ســـوێتی سـیاســـی ئێدی کە ســانی لە وبابەتە لە رووبیـــان هەڵبێت نێوی نیشـــــــتمانی ی و شـــۆرشـــگێڕیو هەتا نێوی مرۆڤیش بە ناهەق لە خۆیان بنێن !!!

(( ( ی ٠ن ٠ك ) هەر لە پێناوی وە دە ســت هێنانی ئەو مافانەی کوردا بوو مبادرەی گفتوگۆی قبوڵ کرد . کە لە زۆر کاتا یەکێك بووە لە شـێوەکانی خەباتی ســیاســی بـــۆ پیشـــاندانی داواکانی گەلی کورد وبە دەســتهێنانیـــان ئەگەر لەو ڕێگەیە وە لە تواناد ا بێت . گفتو گۆ وەك شێوەیەکی خەبات ، یەکەم جارنی یە لە خەباتی بێ ووچانی و پـــــــڕ لە قوربانی و فیداکاری لە ژیانی گەلەکەماندا ئەگیرێتە بـــەر .

( ی ٠ن ٠ك) تاقە ڕێکخراوی کوردستانی نیە کە ئـــــەم شـێوەی خەباتی لە هەل و مەرجی مناســبی خۆیـــــدا پە ســـەند کردبێت .بەڵکو گفتوگۆ یەکێك بووە لە شـێوەکانی

خەبات بە درێژایی مێژووی جولانەوەی رزگاری خوازی گەلی
کورد ئەم رێگەیەی لە هەل و مەرجی رەخساودا بۆ
گەیاندنی دەنگی زولال و ئازادی خەڵکی کوردستان و
خستنە رووی داخوازییە رەواکانی بۆ جەماوەری گەلانی
عێراق و ناوچە و جیهان و ناساندنی مەسەلەکەی
گرتۆتە بەر » .

گفتوگۆ یەکێك بووە لە ماکەکانی تا بە کامیی سەرجەمی
ئەم بیست و پێنج ساڵەی شۆڕشی کورد . لەبەر
ئەوەی رێبەرانی شۆڕشی کورد ستراتیژێکی هور دوو
چەسپاویان نەبووە و هەر رۆژە و هەل و بارە دروشمێکیان
بەرز کردۆتەوە و درۆیان لەگەڵ خۆ و جەماوەردا کردووە و
هێز و تواناو ویستەی خۆ و داگیرکەرەکە و بار و دۆخەکەیان
تەوا و و پڕا و پڕ تێنەخوێندۆتەوە و هەموو شتێك لە پێناوی
دوو کورسی وەزارەت دا کراوە ! بۆیە هەمیشە
بە چەشەی گفتوگۆ بە تەڵەوە کراون . داگیرکەرەکە هەر

هەواڵنامەی کتێب

کاتێک زۆری بۆ هاتبێت بە چەند پلە و مەقامێکی کاتی و ساختە، تامەتامەی داون و راپێچی سەر ئەو فاقیەی کردوون، تا هێز و گوڕ و تینی پەیدا کردۆتەوە و ئەوجا لە گیانی میللەتەکە بەر بۆتەوە. دەنا با حسێبی ئەو هەموو گفتوگۆیانە راگرین و بزانین بۆ هیچ یەکێکیان چارەی کۆتایی یان بۆ کێشەکە نە هێناوەتە گۆڕێ و هەتا دێت میللەتەکە لە نێوان بەرداشی ئەو داگیرکەرانە و ئەو سیاسەتمەدارە کلاوبازانەدا زەلیل و زەبوون تر دەبێت. نە ئەو داگیرکەرانە بڕوایان بە مەسەلەکە هەیە و نە بەرەوای دەزانن، نە قوماربازەکانی کوردیش دەتوانن و بڕوایان وایە مافێک بۆ ئەو میللەتە بە دەست بهێنن، مەسەلە بازاڕ و بازرگانی یەو لە مێژە لە کوردایەتی ی داشۆرداوە.
داگیرکەرەکە تەنها بە گفتوگۆ و بەدەمەوە گرتن زەبری لە شۆڕشی کورد داوە و فرسەتی لێ هێناوە و ریزەکانی

لەبەر یەك ترازاندووە . بۆ ئەوەی ئەو كولەكۆیخـــــا خۆ بژێنانەی كورد ســـوودێك لەو ئەزموون و تەجرەبانە وەرگرن و هەوڵ بدەن لە كاتی هانا هێنان و لاوازیی دوژمنە داگیركەرەكەدا زەبری كوشـــندەتری لێ بدەن و عەمر كورتی كەن .

ئەوەتا هەر لە ســـەرەتای شـــۆرشـــی ئەیلولەوە تا ئەورۆ ســـەرپاكی ئەو حیزبۆچكانەی دروشـــمی دیموكراســـێتی بۆ عێراق و حوكمی زاتی كاڵتەقینە و راســـتەقینە یـــان هەڵگرتبووە ، بە چاو داگرتنێكی رژێم ملیان داوە و لیك لە زاریان تكاوە . بۆ ئەوەی هیچ یەكێك لەو رژێمـــە جۆربەجۆرە یەك لە دوای یەكانەی عێراق هیچ هـــەل و بوارێكی دیموكراســـی یانەیان لە وولاتدا فەراهەم كرد بێت .

دیارە خەباتی ســـیاســـی یانە و ووتو ووێژ و گفتوگـــۆ لەگەڵ رژێمانێكدا وەبەر دەگیرێت كە لە ئوســـوڵ و بنەماو ســـەرەتاكانی دیموكراســـێتی بكات و كەم تا كورتیێـــك

هەوڵی رەنگ پێ دانەوە و چەسپاندنی بدات . بە پێچەوانەوە ، ئەو رژێمانەی کورد ووتو وێژ و گفتوگۆی قبوڵ کردوون ، رژێمانێکی دیکتاتۆری مل هوڕی تاکڕەوی ئینقیلابچی ی خۆ سەپێن بوون . ئاشکراشە سەر ئەنجامی هەر کارێکی نەخشە بۆ نەکێشراو و راست هەڵنەسەنگێنرا و ئەو نا ئومێدی یە دە بێت کە ئەمڕۆ ( یەکێتی ی) بەرچەند رستە پەڕپووت و بوودەڵەیە پاساوی ئەو رێزگاوی یە سیاسی یە و دڵی ئەنجن ئەنجنی جەماوەرەکەی پێ دەداتەوە !

( گفتوگۆ وەك شێوەیەکی خەبات یەکەم جار نی یە . . . ) دیارە دوا جاریشر نابێت کە لەم بوارە پڕ گەرداوە دەدەن و بەختی رەشیانی تێدا تاقی دەکەنەوە . ( تاقە رێکخراوی کوردستانی ) نین کە سووکێتی وا بە شانی خۆیان و میللەتەکەدا دە هێنن !!!

ئەوەتا جەماوەریش منەت بار دەکەن و دەیانەوێت وانیشان

هەوالنامەی کتێب

دەن گوایە دەستخستنە دەستی درندەترین و
سەرسەختترین دوژمنی کورد و نەتەوەکانی دیکەی
عێراق ( بۆگمیاندنی دەنگی زوڵاڵ و ئازادیخوازانەی
خەڵکی کوردستان بە جەماوەری عیراق و ناوچەکەو جیهان) ە
وەکو جەماوەری عیراق شەست ساڵە نووستبن و
گوێ بیستی ئەو دەنگە زوڵاڵە نەبن ، یا هەموو رێباز و
هەل و دەرفەتێکی دی تەنرا بێت وگشت رێگەیەکی دیکە
قاتی ی بوو بێت و ( جەماوەری عێراق و ناوچەکە و جیهان)
زۆر دڵ پڕ ئومێد و گەش بین و رازی بن بە رژێم و
داو و دەستگەکەی ( سەرۆک صدام حسین !!)
لەو بوارەوە نەبێت ئێدی هەتایە لە کێشەی
ڕەوای نەتەوەکەمان بێ ئاگا و لاخەبەر بمێننەوە !!!
( لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گفتوگۆیانەی کە لە نێوان حکومەتی
عێراق و گەلی کوردا لە زۆر جاردا نەگەیشتوونەتە ئەنجام
ئەمە جگە لە پەیمانی ئازاری ٩٧٠ نەبێت ، کە حکومەتی

هەواڵنامەی کتێب

عێراق هەنـــــــــدێ لە مافە کانی کـوردی سـلماند ) .

ئێمەش پێمان وایە کە ئەو مافانەی کورد کە لە پەیمانـــی ئازاری ٩٧٠ دا دیاری کراون هەندێکی زۆر کـــەو سـەرەتایین . بەڵام با بزانین هاوڕێیانی یەکێتــیی ی چ دەستکەوتێکیان بۆ زیاد کردووین و چیان بـــۆ خستووینەتە سـەر ئەو ( هەنـــدێ) مافانە .

ئەوەتا ( هەڤاڵ سکرتێری گشتی ی تێکۆشـــەر !! ) لە گۆڤاری ( الطليعة ) دا دەفەرموێت :

(( بنچینە و بناغە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ٩٧٠ دەبێت، کە بەروو بوومێکە لە بەرهەمەکانی " البعث " )) !!! نـەك بەرهەمی ٩ ساڵ قوربانی و خوێن رشـتن و ئە سـرین رشـتنی نەتەوە نەبەزەکمان !!

لە گوتەی نەورۆزی ٩٨٤ دا دەڵێت: ( داوای جێ بەجـێ کردنی ناوەڕۆکی بەیانی ١١ی ئازاری ٩٧٠ دەکەین ) .

لەبەرنامەی حوکمە زاتی یە زۆڵەکەکەیاندا لەلاپەڕەی یەکەمدا بەندی یەکەم ، خاڵی سێیەم ، دەنووسن ( چەسپاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ٩٧٠ وەکو بنچینەیەك بۆ دیاری کردنی مافی نەتەوایەتی ی کورد ) .

ئەوجا با لەو دەلاقانە بڕوانین کە ( یەکێتی ) خستوویەتی یە ئەو ( هەندێ ) مافانەوە و بزانین چۆن هێجگاری پێزیان لێ بڕیوە و جوان و پوخت بۆیان کوڵ کردووین !

هەر لەو یاسای ئۆتۆنۆمی یە بیرازکراوەیاندا ( یەکێتی نیشتمان فرۆشان ) ئاوا تاڵان فرۆشی دەکەن و لە بەندی یەکەم ، بەشی یەکەم ، مادەی یەکەم ، خاڵی هـ دا دەنووسن :

( نێوچەکە بەشێکی دانەبڕدراوە لە خاکی عیراق . گەلەکەشی بەشێکی دانەبڕدراوە لەگەلی عێراق ... )

ئەمەش پڕاوپڕ لەگەڵ ئەو بەندەی دەستووری کاتی ی عیراقدا یەك دەگرێتەوە کە دەڵێت :

( خاکی عیڕاق بە شێکە لە نیشتمانی عارەب و گەلەکەشی بە شێکە لەنەتەوەی عارەب ) •

ئەو کاتە بێ گاشە و گاڵە گاڵ ئەم خاڵە وای لێ دێتەوە :

( خاکی کوردستان بە شێکە لە خاکی عارەب و میللەتی کوردیش بە شێکە لە نەتەوەی عارەب !!! )

هەر لەو یاسا شەپلە لێ دراوەدا و لە دوو جێگەدا ، لە لاپەرەی ۲ و لاپەرەی ۹ دا ، لە بەشی دووهەم و لە خاڵی (ج)دا ئاوا دەنووسن :

( نیوچەی ئۆتۆنۆمی ی ئەم پارێزگانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

أ ـ اربیل

ب ـ سلێمانی ی

ج ـ دهۆک

(.........

ڕۆژنامەی ( الانباء الکویتیة ) لە ۸/ ۷/ ۹۸٤ دا لە زمانی ( هەڤاڵ سکرتێری گشتی ) یەوە ئاوا دەگێڕێتەوە :

( رای گەیاند کە شاری کەرکوک ناکەوێتە نیوچەی

ئۆتۆنۆمی یەرە ) .

گۆڤاری ( الطليعة) ش لە ژێر سەرد ێری ( مەرهەمی زەمانە) دا ئاوا درێژە بە پرسیار و وەرامەکانی خۆی و سکرتێری گشتی ی یەکێتی ی دەدات :

[ ( الطليعة ) : ... ئایا شاری کەرکوك دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو نێوچەی ئۆتۆنۆمی یەوە کە دەمەتەقێ ی لە سەر دەکرێت ؟

( * نەخێر ... کەرکوك شارێك نی یە بکەوێتە نێوچەی ئۆتۆنۆمی یەوە .... !!! ) ]

ئەوەی هیچ کوردێکی شەرەفمەند و هیچ نیشتمانپەروەرێکی بە ئابروو ئامادە نی یە بە خەیاڵیشیدا بیگوزەرێنێت ( یەکێتی ) لەبەڵگەنامەیەکی لارە مل و کزۆڵە و سیس و پیسدا بە نێوی ( بەرنامەی حوکمی زاتی بیرازکراو ) ەوە و بە نێوی ( داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵك !!! ) ەوە چاك چاك بیرازیان کردووە و لە قاڵبیان داوە . پاشسەرجەم

بیست و چوار ساڵ شۆرش و قوربانی دان و خوێن و ئەسرین رشتن، دەستبەرداری ستراتیژی ترین و پیرۆزترین و پڕ خێر و بێر ترین بەشی خوارووی کوردستان بوون و لە سەر ئاستی نێوچەکە و جیهانیشدا بانگیان بۆ هەڵداوە کە ماڵی کورد نی یە و مڵکی حەڵاڵی دایکی بەعسیانە !!

لە خاڵی دوازدەهەمی بەشی دووهەمی ئەو دەستوورەدا ئاوها نوسراوە :

ج ـ سەرەك کۆمار یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی تەشریعی بۆ سەرۆکایەتی ئەو ئەنجومەنە دەست نیشان دەکات . . .

د ـ ئەو سەرۆکە دەست نیشان کراوەش ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و جێگرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت .

ك ـ سەرەك کۆمار بۆی هەیە سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی لابەرێت و ئەنجومەنەکە هەڵوەشێنێتەوە .

یانی ئەو داو ودەزگە کارتۆنی یەی ئێستا دەمێنێتەوە و بەعس و صدام خۆیان چۆن دڵیان بخوازێت، ئاوها دایان دەچەقێنن و هەڵیان دەقەنن . ئێدی ئاشکرایە چ بنەماو ئوسولێکی دیموکراسی یانە وەبەر دەگیرێت وچۆن ( کۆمەلانی خەڵك !!) دەتوانن نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و متمانەیان پێ بکەن !!
لەربارەی ( کۆری زانیاریی کورد)یشەوە لەو دەستوورەدا داوا کراوە کە لە ئامێز و کۆشی کۆری زانیاریی عێراق دا بهێلرێتەوە .
لە چاوپێکەوتنەکەی ( الطليعة) ش دا دەڵێت :
( * کۆری زانیاریی کوردیش بگەرێتەوە ئامێزی کۆری زانیاریی عێراق . هەر بەم بۆنەیە شەوە ئەمەش بەرووبوومێکە لە بەرهەمەکانی حیزبی بەعس) !!! بەڵێ ! سەر پاکی بەرووبووم و خەلاتی کەرەم و دڵ و دەروونی فراوان و حاتەمی یانەی بەعسە و ساقە سەرو خێرێکە بە و میللەتەیان کردووە !!!

جگە لەوانە هەمووی لە هیچ شـــوێنێکدا باسـی مانەوە و هێشـــتنەوەی هیچ هێزێکی چەکداری کورد نەکراوە .مەگەر ئەمانیش وەك ســـەرانی پارتی سالی ٩٧٠ کلاو لـــە ســـەری ئەو میللەتە بنێن و بلێن ئەوانە لە خالـــــە نهێنی یەکاندا دیاری کراون !

دەی ســـــا ئەمە ئەو مافە ( راســـتەقینە !!) انەیـــە کە ســـالێك و مانگێك ئەو خەلکیان بێ ئەبلەق کرد بوو ، هەزار و یەك گێز و گولنکیان پێدا دروو بوو .

( کەچی لە هەموو جارەکاندا حکومەتی عیراق لـــــە بەلێنەکانی خۆی پاشـــگەز بۆتەوە و ئیلتیزاماتی خۆی جـــێ بە جێ نەکردووە . دیارە بە پێشـــەوە چوونی گفتو گۆ و ئەنجامەکانی هەمیشـــە بە ســـتراوە بە تەرازووی هێزەکانەوەو هەل و مەرجی گفتو گۆ وە . بۆیە هەر کاتێك حکومەتی عێراق هە ســـتی بە بە هێزی و باش بوونی باری خۆی کرد بێت پاش گەز بۆتەوە لە بەلێنەکانی خۆی .وەنەك هەر جێبەجێ ی

نەکردووە بەڵکو هێرش و پەلاماری بۆ سەر جەماوەری کوردستان خەست و درندانەتر کردوە ) .

رەنگە کە ( هەڤاڵ سکرتێری گشتی ی !!) لاپەڕەیەکی بەو چەند دێڕە رەش کردبێتەوە ، پێ ی وا بوو بیێت داهێنان و ئیبداعێکی نوێی لە جیهانی سیاسەت بەگشتی و شەوی ئەنگوستە چاوی سیاسەتی کوردیدا بە تایبەتی ، کردووە . تیۆرێیەکی هێندە نوێو تازەکووەی هێناوەتە گۆڕێ کە تا ئێستا هیچ کەس و بەرەو لایەك پەیبیان پێ نەبردووە ! دەنا حاڵ لە دوو مەسەلە بەدوور نی یە :

١ـ یا پێشتر ئەو راستی یە زەق و رەق و تەقەیان زانیوەو سەربار ی ئەوەش ئەو ماوەی خۆ خەڵەتاندن و جەماوەر خەڵەفاندنەیان بە هەڵس و کەوتێکی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانی یانە و دەسکەوتێکی بێ هاوتا نیشان دەدا .

٢ـ یاخود سەرانی یەکێتی لە سادەترین و ساکارترین

راستی ی بەڵگە نەویست بێ خەبەر بوون .

(( حکومەتی عیراق وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی بە پێچەوانەی ئەو پەیمانانەی خۆی و بەڵێنەکانی بۆ ئاسایی کردنەوەی باری کوردستان و ... و ... دەستیان کرد بەبلاوکردنەوەی پڕ و پاگندەی درۆ و دەلەسە ... ))

سەیرە و سەمەرە و گاڵتەجارێکە مەگەر تەنها لە چەرخ و فەلەکی سیاسەتی ژەنگ گرتووی کوردیدا مەخسەرەی وا روو بدات و تەنها سیاسەت چیە چقەدەرکردوومەکانی وەك سەرانی سەربەتاڵی ئەو (یەکێتی) یە هێندە روو قایم و بێ شەرم بن ، بیانەوێت ئەو هەموو هەڵوێست و فەرمایشتە دژ بەیەکانە هەروا سووك و ئاسان بەسەر ئەو میللەتە رەش و رووتە زۆرلێ کراوەدا تێ بپەڕێنن . تەناف بازێکی وابن لەسەر دەپەت هەڵپەڕن و بە هیچ خلیسکاندن و هەڵئەنگوتنێکیش شەرمیان بەخۆیان نەیەت . هێندەش گەوج و نەفام بن

وا بزانن که سەریان لە بن لم نا ، ئیدی کە س کلکیان نابینیت و ئەو میللەتە دەرك بە هیچ ناکات! هەقیشیانە! ئەو ناسکە دەرویش و خەلکە هوش دزراو و عەقل لە چاوەی دەور و بەری خویان دەبینن کە سالەهایە بە هەق و ناهەق یخیان دەدەن و کە س نقەی لی نایەت ، ئیدی بە و پیوانەیە کیشانەی هەموو میللەتەکە دەکەن .

دەنا کوان ئەو (( کادیرە سیاسی و عەسکەریانە ی شورش و روشنبیران و پیاوانی خاوەن رای میللەتەکە!)) کە گوایە پرسیان پی کراوە !! لە کوین و بو لە ( هەڤال سکرتیری گشتی ی ) ناپرسن کە دەیزانی (( حکومەتی عیراق وەك پیشەی هەمیشەی خوی بە پیچەوانەی ئەو پەیمانانە )) هەلدەسوریت ، چی وای لی کرد دەست لە دەستیان بنیت و ئەو پەری باوەر و متمانەیان پی بکات . ئەو هەموو شاباش و شایەری و پیا هەلدان و شان شیلانەی رژیم و سەرکردە خوین

رێژه مل هوڕه دیكتاتۆرەكەی لە پای چی بوو ؟؟؟
ئەگەر هەر لە تەجرەبەی هەندێ لایەنی دەست
بەزا خەدا كراوی دیكە پەندێكیان وەرنەگرتبا ، دەبایە
لە پەنجەی مارانگازی خۆیان دەرسێكی وا فێرباناية
كە هەرگیز دەست لە گەرووی ئەو هەژدیهایە
نە ئاخننەوە. ئەوان خۆیان یەكەم لایەنێك بوون كە دەستیان
بە پشكۆی بێ وەفایی بەعس دا چزا و تەجرەبەیەكی
گەلەك دەولەمەندیان پاشەكەوت كرد !!
لە سەرپاكی لایەنگرانیاندا لە كۆمەڵێك خاوەن ووره ی
شەرەفمەندی پەریدەو دووره وولاَت زێتریان كە بە نێوی
( ئاكسای لقی ئاڵمانیای رۆژئاوا ) و ( ئاكسای لقی
بەرلین ) ەوە هەڵوێستی مەردانەی خۆیان لە دوو بەیان
نامەدا لە ٩٨٤/١/٣١ و ٩٨٤/٢/١٨ دا بۆ مێژوو
تۆمار كرد و بەگژ سازشكاران و خۆهەڕاج كەرانەدا
چوونەوە و بەوە ڕازی نەبوون بازرگانی ی بە چارەنووسی

خۆیان و میللەتەکەیانەوە بکرێت ، ئیدی کە سێک بە دەنگ نە هات و بەرۆکی دارزیویانی رانەتەکاند . هەتا هەندێ لەو لێپرسراوانە شیان کە لە نارەزاییدا روویان لە ئەوروپا کردوو بەو بازییە رازی نەبوون ، کپ و بێ دەنگ چاوەروانی تەم رەواندنەوە بوون .

(( لەو هەل و مەرجەدا خەڵکی کوردستان چاوەڕێی رەخساندنی بارێکی تازە بوو کە تێیدا رزگاری بێت لە ئازار و زەبر و زەنگ و گووشاری درندانەی رژێم .. ))

راستە خەڵکی کوردستان هەمیشە چاوەڕێ و چاوە چاوی ئەوەیە کە لە شەبەنگی ئازار و زەبر و زەنگی درندانەی رژێم رزگاری بێت ؛ بەلام رزگاریی هەمیشەیی و هێجگاریی . ئەوە ئاواتی هەرە پێشی کۆمەلانی خەڵکە . ئەوەش تەنها و تەنها بە سەرنگوم بوون و تەفر و تونا بوونی ئەو رژێمە درندەیە دێتە دی ، نەك بە مامەڵە لەگەڵ کردن و دەست خستنە دەستی یەوە .

بەڵام دیارە ( یەکێتی نیشتمانی ی !!) کە (خەڵکی کوردستان) یان فێرە چاوەڕوانی ی بێ هوودە دەکرد ؛ بێ یان وابوو ڕژێمێکی دڕندانەی وا بە نووچ دان و کوڵدانی چەند نەفەرێکی زۆرە شۆڕشگێڕ و بەزیو ئیدی لە دڕندەیی دەکەوێت و هەروا سووك و سانا رام و دەستەمۆ دەبێت و زەبر و زەنگ و ( گووشار) لە سەر خەڵکی کوردستان هەڵدەگرێت . بۆ یە ( هەڤاڵ سکرتێری گشتی ی !! ) ( زۆریش گەش بین بوو !! ) .

خۆیان گوتەنی ؛ ئەی ئەوکاتەی (( قوتابیانی زانکۆی هەولێریان خستە بەر هەڕەشەی دەرکردن و کوشتن و برین )) و ئەوانیتر مەردانە ڕاپەڕین و چەندین خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خوێناوییان لە شارەکانی کوردستاندا بە پشتیوانی ی جەماوەرە نەبەردەکە بەرپا کرد ، بۆ ئەم ( شۆرشگێرە تێکۆشەرانە !! ) و یێزگە شرە دەمەومرەکەیان لێ بەکارخستبوون و ڕاپەڕینە دوژمن بە زێنەکەیانیان

بە ( فیتی چەند هەرزە و بەکرێگیراوێك) لەکەدار دەکرد، کە گوایە (دەیانەوێت گفتوگۆی نێوان ئەوان و میری ی نیشتمانی ی تێك بدەن ) و ( لێ گەرێن ئەوان کێشەکە بە هێمنی ی لەگەڵ میری ی نیشتمانیدا چارە سەر دەکەن) و ( قەیدی ناکات تطوع کەن و لە مەشقدا لە بریتی " یحیی البعث" بلێن " یحیی الشعب" !!!

(( زیاتر لەوانە حکومەتی عیراق لە جیاتی ئەوەی هەوڵی هاوخەباتی و هاوکاری و بەتین کردنی برایەتی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد وعەرەب بدات لە عیراق داو ئاراستەی خەباتی هاوبەشیان لە دژی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیان بکات لە ناوچەکەدا ، دەستی کرد بە زیاتر توند کردنی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ دوژمنانی هەردوو نەتەوەکە وەك لە رێکەوتنی ئەم دواییەی عیراق و تورکیادا دەرکەوت) ) کارتان راست بێت ( یەکێتی نیشتمانی ی !!) وەك بەم بەیان نامەیە بە هۆشتان هێنایەوە و چاوتان کردینەوە

ئێتان گەیاندین کە رژێمی عێراق (هەوڵی بەتین کردنی برایەتی ی کورد و عارەب نادات )، خۆ هێندە ساویلکەو خۆش باوەڕ بووین کە گۆڤاری ( الطليعة) مان خوێندەوە یەکسەر باوەڕمان کرد و ئێمەش وەك ئەو کاتەی ئێوە تەوا و تەواو دڵنیاو گەش بین بووین کە ( هاوڕێ صدام حسین زۆر بەتەنگ پتەو کردنی برایەتی ی کورد و عارەبەوە یە !!! ) .

دەبێت سەرانی یەکێتی هێشتا بە کەللەی زرك و پووتیاندا نە چێت کە خودی (صدام) و رژێمەکەی نۆکەری ئەڵقە لەگوێی ئیمپریالیزمن و بە فەرمان و ویستی ئەوان هەڵدەقونێن .

دەنا ئەم ووشکە گلەیی یە لە پای چی دەکەن ؟؟؟

یاخود دەیانەوێت (شەرە نۆکەران) ی زێتر سازکەن و بەوەی ئەم پێنج ساڵە چاویان تێر نە بووە ؟؟؟

(دەستی کرد بە زیاتر توند کردنی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ دوژمنانی هەردوونەتەوە کە ، وەك لە رێکەوتنی ئەم دواییەی عیراق و تورکیادا دەرکەوت ) .

دەبێت چی لەم رستەیە پڕ درۆ تر و چەوت و چەوێڵ تر بێت ؟ بڕوانن چۆن بەئاشکرا راستی یەکان لەنگەو قووچ دەکەنەوە و بە نیازن بەدوو درۆی ساویلکە خۆ قوتار کەن ! ئەرێ هاوڕێیینە وەکو بزانن و لە یادتان بێت (ئەم دواییە !) یەکەم جارێکە رژێمە دیکتاتۆرییە عەسکەرییە رەگەزپەرستەکەی تورکیا بە هانای رژێمە هاومەسلەکەی عێراقییەوە بێت ؟؟؟ وەك بزانن لە گەرمەی شەری کورد کوشتنی مانگی ٤ و ٥ / ٩٨٣ ی ئێوەدا لە قوڵێکی دییەوە ژەندرمەی تورکیش لە گیانی کورد بەر نەدرا بوو ؟؟؟

(( پاش باس کردنی داخوازییەکانی میللەتەکەمان دەربارەی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان و رێکخراوە دیموکراتی و پیشەیی و جەماوەرییە کوردستانیەکان و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان کورد و ئەندامانی حیزبی حکومەتو دارودەستەکانیا ودەست نیشان کردنی سنووری کوردستان و .....)

جارێ ئەوەی ئەوان داخوازییان کردووە (داخوازییەکانی میللەتەکەمان) نەبووە و وەك پێشتر روونمان کردەوە بە تالآن فرۆشتنی مەسەلەی میللەتەکەمان بووە. داخوازیی چەند نەفەرێکی خۆسەپێنی تماع بازی جەماوەر فریودەری بێ ویژدان بووە، کە چاوە چاوی پێ عەتا کردنی چەند کورسی یە شرێکی ئەنجومەنە ئابرو تکاوەکانی تەنفیزی و تەشریعی بوون. هیچ بەرە و لایەکیش لە نەهامەتی و کولەمەرگی زێتری بۆ ئەو میللەتە بەبەرهەم نەهێناوە تا رێیان بکەوێت خۆ بە ردێن سپی و دەم راستی میللەتەکە لەقەڵەم بدەن، تا بە پێش چاوی کەساس و لە ترس و خەم کەیل بووی ئەو میللەتەوە کردارانێك بکەن کە هیچ بەرژەوەندیی و هیوایەکی میللەتەکەی تێدا بەدی نەکرێت. جگە لەوە لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی و وەیشوومەی کە ئەو میللەتە لەم چەند ساڵەدا بە دەستی ئەو رژێمەوە

دووچاری بوون ، یەکێك لەو شەرەف و شانازییە هەرە مەزنەی بۆیان ماوەتەوە و بە هەزاران قوربانی ی پاراستوویانە ، ئەوەیە کە جوداوازییەکی گەورە ، بەڵێ جوداوازییەکی زۆر مەزن لە نێوان ئەوان و ( ئەندامانی حیزبی حکومەت و دار و دەستەکانیان !) دا هەبێت . هەزاران جگەر سۆزەی تێکۆشەری کورد گیانی خۆیان تەنها لە ڕێگەی پاراستنی ئەو جوداوازییەدا کردە قوربانی ی ، تا ئەو شەرەفەیان بۆ بمێنێتەوە و لە ( ئەندامانی حیزبی حکومەت و دار و دەستەکانیان) بەدوور بن و داوێنی پاکیان بەو لەکەیە عەیب دار نەبێت و لە نوێژ نەچێت . کە چی تازە بە خێریێ ( یەکێتی نیشتمانی ی) دەیەوێت ئەو سووکایەتی یە بە سەر شانی جەماوەرە خۆ ڕاگرتووە کۆڵنەدەرەکە بهێنێت . ئایا ئەمە هەمان خواستو فەرمایشتی هاوڕێ ( نعیم حداد ) نی یە کە لە هەمان بۆنەی ئەم گفتوگۆ گومان لێ کراوەدا بە پەیامنێری ڕۆژنامەی

( العراق) ی ڕاگەیاند کە ( حیزب دیموکراتی جودا وازی
لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان و ڕۆڵەکانی نیشتمانی
عارەبی یدا نە هێلێت ، بۆیە دەروازەکانی خۆی بۆ
ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان خستۆتە سەر پشت !! )
دەی کەوایە دیارە هاوڕێ ( نعیم) و ( هەڤاڵ سکرتێری
گشتی ی یەکێتی ی) بۆ هەمان ئامانج و مەبەست
( لە خەباتی بێ پسانەوە دان !! ) .
کەسێك کە ڕستەی ( دەست نیشان کردنی
سنووری کوردستان ) دەخوێنێتەوە ، گەر
( بەرنامەی حوکمی زاتی بیزارکراو ) و کز و کەسیفەکەی
ئەو یەکێتی یە ی نە دیتبێت ڕەنگە وا تێبگات بۆیە
گفتوگۆ سەری نەگرت و هەڵوەشایەوە چونکە
خۆیان گوتەنی ( دوای دەمیان دانیشتنی دوور و درێژ و
سەدان سەعات گفتوگۆ و لێ دوان ! ) بێ یان لە سەر
ئەوە داگرتبوو کە دەست بەجێ لە (چیاکانی حەمرین) ەوە

سنووری کوردستان تەلبەند کرێت! رژێمیش زۆر زۆر عوزر خوازی‌ی هێنایەوە و هەوڵی دا تێیان بکەیەنێت کە جارێ لەبەر باری داتەپیوی ئابووری‌ی عێراق بەهۆی جەنگی ( قادسیەی سەرۆك صدام!) ەوە ئەو تەکلیفەیان بۆ هەڵناسێت و چاوەری بکەن تا قەرز و قۆڵەیەك ، سوال و ساقەیەك ، زێرانەیەك ، سوورانەیەکیان بۆ کۆ دەکەنەوە ، ئەوجا یەکە و راست ئەو داخوازی‌یەیان بۆ بە ئەنجام دەگەیەنن !!! بەڵام ( یەکێتی نیشتمانی ی) ( مەتەرسی و گوومانی رەوای خۆی هەبوو !! ) بۆیە نەیانتوانی چاوەرێ بکەن و کۆتاییان بە گفتوگۆ هێنا !! ئەمە چڵە پۆپەی بێ شەرمی و رووقایمی یە ! دەستەیەك ، کۆمەڵێکی بێ هەست و ویژدان ، بە هەر بیست پەنجە بۆ رژێمێکی خۆفرۆش و گەندەڵی مۆر بکات کە ( کوردستان بەشێکە لە نیشتمانی عارەب) و (کورد بەشێکە لە میللەتی عارەب ) وخشتاو خشت نیوەی خوارووی کوردستانیان هەراج کردبێت ئێدی دەست

نیشـــان کردنی سـنووری چی و داخوازی مافی چـی ؟؟؟
یا رەنگە ئەوان پێیان وا بێت کە ( سـنووری کوردستان)
لە ( بەکرەجۆ ) و ( سـووورداش ) ەوە دەست پێ دەکات و
شـمرە دەنووك و حانەحەپە شـێی ئەوەیان لەگـــەڵ
( رژێمی نیشـتمانی !! ) یدا کردبێت !!
بەیان نامەکە لە کۆتاییدا ئاگادارمان دەکاتەوە و بەهۆشمان
دێنێتەوە کە بە ( تەواوی وریا بین !! ) چونکـــــە
( حکومەتی عیراق نیازی چارە سـەر کردنی کێشـــــەی
نەتەوایەتی کوردی نیە ، بەڵکو نیازی جێبەجێ کردنـــی
سـیاسـەتی شـۆڤێنانەی خۆیی همیە . . . . )
ئێمە ش بە پێویسـتی نازانین لەوە زێتر چیلکەی تێژەنین و
تە بییەتتان تێك دەین . ئەمەی پێش چاومان خســـت
کرۆك و جەوهەری مەبەسـتیان بوو . بەڵام دەمانەوێـــت
سـەرنجی خوێنەرانی بەرێز بۆ دوو خاڵی گرنگ راکێشین :
١ ـــ یەکێتی درێژە بە خەباتی دەدات لەژێر دروشـــمی

" خەباتی جەماوەری شۆرشگێرانەی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتووخوازەکانی عیراق و کوردستان لە پێناوی دیموکراتی بۆ عیراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد " .

بە دلنیاییەوە دەڵێین ئەوە ئاواتی هەرە بەرزی هەموو کورد پەروەرێکی دڵسۆزە کە هێزە پێشکەوتووخوازەکانی کوردستان و عێراق بتوانن هیچ نەبێت لە سەر کەمترین ئەرکی پێویست رێك بکەون ، کە ئەویش کۆتایی هێنانە بە شەری چەپەڵی یەکدی قڕ کردن ، بەڵام بە و دڵنیاییەوە دەڵێین کە یەکێتی ی نیشتمانی ی پاش ئەوەی دەستی لە هەمانەی بەتاڵی بەعسەوە دەرچووە بای داوەتەوە سەر بای بەرە ! چەند لە دێرەکانی پێشینی ئەم بەیاننامەیە و نووسین و راو هەڵوێستەکانی دیکەیدا راستگۆ بووە ، هێندەش لە بەرزکردنەوەی ئەم دروشمەیدا لەگەڵ خۆ وجەماوەر و هێزەکانی دیدا راست دەکات . بۆیە نابێت سۆز بازانە مەسەلەکە

هەڵسەنگێنین و بڵێین بەرژەوەندی ی بەرزی نەتەوەکە وا پێویست دەکات هەموو دەردە کۆنەکان گۆڕ کەین .
نەخێر ! بەرژەوەندی ی بەرز و پیرۆزی نەتەوەکەمان واپێویست دەکات حەدد و سنورێك بۆ ئەم سەرگەردانی و کوردایەتی یە گاڵتە جارە دابنرێت . هێزەکانی کوردستانی و عێراقی بەرپرسیارن لەوەی هیچ هاریکاری یەك لەگەڵ ئەم تاقمە نەکەن تا وەکو بە نووسین ، بە بەیاننامەیەك دان بە هەڵە و پەڵە و هەڵوێستی خیانەتکارانەی خۆیاندا نەنێن و گفتی ئەوە نەدەن جارێکی دی ریزپەری نەکەن . تا بتوانن بە کردەوە رابووردووی رەشیان سپی کەنەوە . دەنا ئەوەی ئامادەی ئەوە نەبێت دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و رەخنەی شۆرشگێرانە لە خۆ بگرێت ، هەموو ساتێك چاوەڕوانی هەڵتیزان و دێزەیی و بەرەو هەڵدێر ملنانی لێ دەکرێت .
ئەم دروشمە فەرەح و دەڵبە تەنها بۆ فرۆختنی .رۆژە و

( یەکێتی ) گەرەکێتی چاو بەست لەو خەلکە بکات و دیسانەوە ( بە مووشەی خۆی و بەگی ی) هەستێتەوە !

٢ـ تکایە سەرنج بفەرموون ( دەنگی شۆڕشی عێراق ) کراوەتە ( دەنگی گەلی کوردستان ) ، مەبەست ئاشکرایە ! ئەوجا چاوەڕوان بن و بزانن کەی گوێزەبانەی نوێ دەخورێت و کەی ئەو نارەسەنە بانگی نێوێکی دیکەی بەگوێدا هەلدەدرێت !

کۆمیتەی بەرێوەبەرێتی ی گشتی ی
کۆمەلەی خوێندکارانی سۆسیالیستی
کورد لە ئەورووپا ( سۆکسە )
کانوونی دووهەمی ١٩٨٥

بۆ ئەم باســـە ســوود لەم ســەرچاوانە وەرگیراوە :

---

١ــ بەیان نامەی یەکێتی نیشــتمانی کوردســتان دەربارەی کۆتایی هێنان بە ووتو وێژ لەگەڵ حکومەتی عیراق‌دا ١٠/١/٩٨٤
٢ــ الطليعة العربية ، العدد ٦٥ــ ٦ آب ١٩٨٤
"هكذا يتكلم جلال الطالبانی" .
٣ــ الانباء الكويتية ، ٨/٧/٩٨٤ ، "الطالبانی : لم نشــارك فی ای هجوم علی العراق" .
٤ــ الاتحاد ، العدد ٢ ، كانون الثانی ١٩٨٣
٥ــ الحرية ، ١٠/٨/١٩٨٣ .
٦ــ قانون الحكم الذاتی لمنطقة كردســتان المعدل .
٧ــ دەســتنووســی گوتاری سکرتێری گشــتی یەکێتی نیشــتمانی کوردستان . ســووردا‌ش ٣١/٣/١٩٨٤
٨ــ بيان حول الاحداث الاخيرة فی كوردســتان العراق .
"جمعية طلبة كوردستان خارج الوطن ( اكســـــا ) ، فرع برلين الغربية ، ٣١/١/١٩٨٤ .

٩ــ مفاوضات کردن لەگەڵ رژێمی فاشیست مانای خیانەتی نیشتمانی یە . "کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وولات ( ئەکسا ) لقی ئەڵمانیای رۆژئاوا ، ١٩٨٤/٢/١٨ .

١٠ــ کورد و مەسەلەی نەتەوایەتی لە دیدەگەی بەعسەوە .
لە بڵاوکراوەکانی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) .
وەرامدانەوەی گوتەکانی نعیم حداد ، ١٩٨٤ .

١١ــ گۆڤاری خوێندکاری کورد . ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورپا ( سۆکسە ) .
ژمارە ٣ ، ١٩٨٤ . سەر ووتار .

١٢ــ سەرە نێزەکان لە چاوی کوێری داگیرکەر دەچەقەوە .
بەیان نامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورپا . ١٩٨٤/٥/٢٥ .

## تێبینی

دۆستی هێژا و بەنرخمان کاك ( وەرزێر )
لە ئیتالیاوە ئەم پارچە هۆنراوە شیرینەی پێشکەش
بە گۆڤاری ( خوێندکاری کورد ) کردووە . لەبەر گونجاندنی
نێوەرۆکی هۆنراوە سەرکەوتووەکەی لەگەڵ بابەتی ئەم
ناملکەیەدا و ، لەبەر دواکەوتنی ( ژمارە ٤ ) ی گۆڤارەکەمان
لە بەر گەلێك هۆی لە توانا بەدەر ، تاوەکو تین و تاوی
ئەم هۆنراوە پڕ مانایەی بە سەرنە چێت ، بەپێویستمان
زانی لێرەدا لەگەڵ ئەم ناملکەیەدا پێشکەشی
خوێنەرانی ئازیزی بکەین . لەگەڵ داوای لێ بووردن و
سوپاسی زۆرماندا بۆ کاکە ( وەرزێر ) .

( سۆکە )

پێشکەشە بە گۆڤاری ـ کۆمەڵەی خوێندکارانی سۆشیالیستی کورد لە ئەوروپا
" - سۆکسە -

# کە چووەوە ....

ئێستە من هیچ نە ئادەمیم، نە ئیشتمانی،
نە ئەندامی ئەم کۆمەڵەم، نە کوردستانی.
ئەی تریفەی مانگی سپی دەرکی دەلاقە،
باپرسن نیە، خۆت مەدە لەم کوردی عێراقە.
- گۆران *

وەرزێر
زستانی ١٩٨٤
- ئیتالیا -

نازانم چۆن دەست پێ بکەم :
لە فرمێسکی چاوەکانی دایکمەوە ،
یان لە خەمی شاراوەی ڕووی پێشمەرگەوە ؟
لە گوندەوە
کەشتی گۆیان بمبا بۆ شار ،
یان بابۆڕی
سکاڵای شار هەڵگرێ ؟
دڵی کێتان دەوێ لە شار ؟
دڵی کێتان دەوێ لە گوند ؟
با بۆتانی بکەمەوە ..
خەمی کێتان دەوێ لە شاخ ؟
خەمی کێتان دەوێ لە دەشت ؟
با بۆتانی وورد کەمەوە ..
کە چوومەوە
- بەغا - بزەی نێک و درۆی بۆ هاویشتم
- بەغا .. دەستی هاوڕێیەتی خستە دەستم
بەڵام "دیجلە" .
بە نیگای تەڕی شەرماوی
چاوەکانی ، فرمێسکی خەم
کە تیایاندا قەتیس مابوو ،
خستیە ڕوانیم

که ببینی
دیجله گریا - گریا - گریا
که نیوەشەو
گورگ و ڕێوی هەموو نووستن
گێڕایەوە :
ئەی ڕۆڵە لەی شاخ و بەفر
هاتیتەوە ؟
- دەك بە خێر بێی
بەڵام مۆڵێ لەسەر قەندیل ،
کوژاییەوە ..
هاتیتەوە
بەڵام چرای هەژارەکان
کوژاییەوە ..
هاتیتەوە .. بەڵام بگری
لەگەڵ بەغا پێمەکەنە
بگری و بڵێ : ئەمجارەشیان
بە تۆڕەکەی گورگی بەغا
گیرایتەوە ..

دیجلە گریا
چونکە هەتۆی سەر شاخەکان
لە بەفر و لوتکە تۆران و
بەرەو ناو شار گەڕانەوە ..
چونکە سەر چاوە پاکەکان
لە بەندیخانەی ڕژێما
جارێکی دی .. گیر سانەوە ..
کە چووەمەوە
بەغا بزەی تۆ ئەگرتم
بەلام دیجلە بە تۆ سەوە
هێدی هێدی پەلی گرتم
بە جولەی وردە شەپۆلی
بەرەو سنوور .. بردمیەوە ..

* * *

. حەمرین[1] - سەرپۆشێکی زەردی
تالا نبووە ، سەر و چاوی
دەست و چاوی تلێشاوی
خستبووە ناو
گۆمی خوێن و فرمێسکەوە
حەمرین وەلادا یکی شەهیدی
لە چاوە سوورەکانیەوە
لە جێی فرمێسک
تکە .. تکە - خوێن ئەڕژا

بەگریانو شیوەنەوە
ڕووی کردە من گێڕایەوە:
تا دوێنێ بوو من دەروازەی
دڵ و گیانی هەمووتان بووم
سنوورێک بووم هەموو ئێوەم
لەئامێزی خۆما ئەنوان

بەڵام ئەمڕۆ
ئەی ڕۆڵەکەی شاخ و بەفر
منی دەروازە شکێنرام
منی سنوور لەبڕ کرام
بەندی هەناویان پساندم
، کەرکوک ، ی دڵ و جگەرایان
لێ بڕاندم ..
ئیتر من هیچ نەهی ئێوەم
نە لە باوەشما گۆش دەبن
هەمیی صوکلی ئەو دەستانەن –
کە تۆ و هەزارانی وەک تۆ
لە ناو دەبەن ..

دیجلە گریا .. گریا .. گریا
بەجوڵەی ووردە شەپۆلی
بەرەو سنوور ـ بردمیەوە ..

* * *

کەرکوک نیگای فرۆشراوی خۆی تێگرتم
تووڕە و نەسرەوت، هەزار هەزار جنێوی دا
کەرکوک گریا و (تەلاو خاسە)ی
خۆی شاردەوە ..
ترسی زۆری لە ڕووی خۆیا
شاردبووەوە ..
چەپکێ هیوا، لەناو دڵیا
کوژابووەوە ..
کەرکوک ووتی :
ئیتر من هیچ نە خاکەکەم
نە گەڕەکەم، هی تۆ نین و
مەیەو باوەش مەکەرەوە ..
بەڵام تۆخوا گەر چویتەوە
لە سەر نەخشەی،
نیشتمانێ لەت لەتکەت
ناوی من و سنوورەکەم
بسڕەرەوە ..
بەڵام تۆخوا گەر چویتەوە
لە هەندەران
لەناو چاوی کۆرپەکانما
گڕو گڵپەی (بابە گوڕگوڕ)
دەبینیەوە ..

دیجلە گریا .. گریا .. گریا
بە جۆلەی وردە شەپۆلی
بەرەو سنوور ... بردمیەوە ..

* * *

سەری کردم
بە گشت شارو لادێیەکا
بە گشت کێلگە و جۆگایەکا
بە گشت کوچەو شەقامێکا
بە گشت ماڵە هەژارێکا

سەری کردم
بە خەم و ئازار و ژانی
گشت لاوێکا ..
بە دڵ و بیرو ویژدانی
گشت پیاوێکا ..
ئەوا منیش هێدی هێدی ،
هەمووتان بۆ دەگێڕمەوە :

لە چوومەوە
بەردێ نەما تف نەکات و
دارێ نەما جنێو نەدا ..
چەمێ نەما تورە نەبێ و
چیا نەما کفر نەکا .

کە چوونەوە
دار و بەرد و چەم و کانی
ڕق و خەم و تووڕە بوونیان
لێ ئەبارێ
شار و گوند و دەشت و چیا
مەدالیای نوێی دۆڕاندنیان
لە بەرۆکی خۆیان ئەدا ..
ووردە ووردە
لە چاوەڕێی ـ خوێندنەوە ـ دا
گیانیان ئەدا ..

* * *

دایکم ووتی : ڕۆڵە لەم لە گەڕایتەوە
هەرچیت بینی .. بۆ خەوی بگرە
بزانە چۆن ، خوێنی "ئارام"
لە ژێر لێفەی "گفتوگۆ"دا
دەشارنەوە ..؟
بزانە چۆن ـ شەهیدانی هەکاری ـ یان
لە فەرهەنگی ئەمڕۆیاندا
کوژانەوە ..؟
دایکم ووتی : دەڕۆیتەوە
قومێ لە زمێنکی چاوم
بخۆرەوە ..
هەر زمێنکی بکە شیعرێ و
لە دڵ و مێشک و باوەڕتا
بینووسەوە ..

ئەوا منیش .. گشتە نەورۆزی
گڕی گریان
لە ـ سورداش ـ دا ئەکەمەوە ..
گشت خەمێکم بۆ ڕەنجدەران
لەژێر سایەی
دار ـ ئەرخەوانی سەیوان دا
دەشارمەوە ..

تۆش ڕۆڵەکەم
هەر چیت بینی .. لێی بپرسە
بڵێ تۆخوا : مەڕی زامدار
جارێکی تر بە فێڵی گورگ
دەست لە ملان، دەکاتەوە ..؟
بڵێ تۆخوا : چەوساوەکان
جارێکی دی
لە سەر مێزی چەوسێنەران
(نان و ئاو) یان ، دەخۆنەوە ..؟
تۆش بپرسە و دیجلەش دەڵێ :

بەغای درۆ
چۆن لە خەمی ڕاستی خۆما
بشۆمەوە ..؟
چۆن پاداشتی شەهیدەکان
بە گفتوگۆ .. بگۆڕمەوە ..؟

• • •

POSTGIRO

---

70 23 16- 1
SOKSE
STOCKHOLM